# Module (Course Syllabus) Catalogue

# 2024-2023

| | | |
|---|---|---|
| College/ Institute | Khabat Technical Institute | |
| Department | Legal Administration | |
| Module Name | Labour Lawand Social Security | |
| Module Code | LLS 204 | |
| Degree | Technical Diploma ■ Bachler ☐<br>High Diploma ☐ Master ☐ D ☐ | |
| Semester | 2 | |
| Qualification | M.A | |
| Scientific Title | | |
| ECTS (Credits) | 6 | |
| Module type | Prerequisite ☐ Core ■ Assist. ☐ | |
| Weekly hours | 4 | |
| Weekly hours (Theory) | (2) hr Class | ( )Total hrs Workload |
| Weekly hours (Practical) | ( 2 )hr Class | ( )Total hrs Workload |
| Number of Weeks | 12 | |
| Lecturer (Theory) | Wirya Maaroof Hamadsaaed | |
| E-Mail& Mobile NO. | wirya.hamadsaaed@epu.edu.iq<br>07504862826 | |
| Lecturer (Practical) | Wirya Maaroof Hamadsaaed | |
| E-Mail & Mobile NO. | wirya.hamadsaaed@epu.edu.iq<br>07504862826 | |
| Websites | https://epu.edu.iq/ | |

# Course Book

| | |
|---|---|
| **Course Description** | **گرنگی ئەم بابەتە** یاسای کار وەك یاسای تایبەت دەرکەوت بە تایبەت لە ژێر کاریگەری یاسای شارستانی فەرەنسی 1804 کە جەختی لە ئازادی کار و پەیوەندی کار و ئازادی ئیرادە لە گرێبەست دەکردەوە، گرێبەستی کار وەك هەر گرێبەستێکی تر پەیوەندی نێوان تاکەکەسەکان واتە کرێکار و خاوەنکار بوو. بەڵام دواتر کە دەوڵەت بە مەبەستی پاراستنی مافی کرێکاران زیاتر دەستی خستە ناو پەیوەندی نێوان کرێکار و خاونکارەوە، بۆ نمونە رێگەدان بە مانگرتن کە ئەمە لە یاسای تایبەتدا بە پێشێلکردنی گرێبەست دادەنرێ، یاسای کار زیاتر بەرەو ئەوە چوو کە ببێتە بەشێك لە یاسای گشتی.<br>**رێساکانی پاراستنی کۆمەلایەتی کرێکاران:**<br>ئەم رێسایانەن کە کرێکاران لە کاتی بێکاری یان نەخۆشیدا دەپارێزن و بە گشتی پییان دەگوترێ «رێساکانی دەستەبەری کۆمەلایەتی یان بیمەی کۆمەلایەتی – الضمان الاجتماعي».<br>ئەم رێسایانە لە سەرەتادا لە ئەنجامی خەباتی کرێکاران بۆ پاراستنی کرێکاران لە مەترسییە کۆمەڵایەتییەکان دانران. |
| **Course objectives** | **بنەما و ئامانجەکانی یاسای کار**<br>لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە گۆڕانکاری بەسەر چەمکی قەڵەمرەوی یاسای کاردا هاتووە .<br>پەیوەندی کەسی نێوان کرێکار و خاوەنکار: واتە یاسا دان بەپەیوەندی نێوان کرێکار و خاوەنکار وەك گریبەستی کار دادەنێ. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا یاسای کار تەنها پەیوەندییە کەسییەکانی نێوان کرێکار و خاوەنکاری دەگرتەوە.<br>داننان بە سەندیکای کریکاری پەیوەندیدار وەك لایەنێکی گرێبەستی کار :داننانە بەو پەیوەندییانەی لە نێوان سەندیکاکانی کرێکاران و کۆمەڵەی خاوەنکاراندا هەیە و رێ خۆش دەکا کە سەندیکای کریکاری پەیوەندیدار وەك لایەنێکی گرێبەست بناسرێ.<br>ئەمە بە دەسکەوتێکی خەباتی رێکخراوی کریکاران دادەنرێ و کە چەندین رێکخراو و سەندیکای کرێکاری لە ئەوروپا و ئەمەریکا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە بۆ چاککردنی هەلومەرجی کار هەوڵیان دەدا و دەنگ و توانای کرێکارانیان لەبەردەم کۆمپانیا و خاوەنکارەکاندا یەکدەخست.<br>بەم داننانە سەندیکاکان رێگەیان پێدرا دانوستان لەگەڵ کۆمپانیا خاوەنکارەکان بکەن و هەندێ لە داواکارییەکانیان بسەپێنن، کە پێشتر خاوەنکارەکان ئەم داواکاریانیەیان لە تاکە کرێکار رەتدەکردەوە و کرێکاری تریان لە شوێنیان دادەنا. |
| **Student's obligation** | **پابەندی قوتابی ( ئەرکەکانی قوتابی)**<br>1. ئامادەبوونی قوتابی لە کاتی دیاریکراو بۆ وانە و رێزگرتنی کات.<br>2. گرنگیدان بە بابەتی خوێندن و رێزنواندن بۆ هاوپۆلەکان و پرۆگرامی |

<table>
<tr><td></td><td>خوێندن.<br>3. پابەندبوون تاقیکردنەوەکانی لەناکاو (کویز)<br>4. ئامادەکردن و پێشکەشکردنی سیمینار و ئەرکی ماڵەوە و گفتۆی زانستی بابەتەکە<br>5. کارکردن بەشێوەی گروپ لە ئەرکەکانیاندا.</td></tr>
<tr><td>Required Learning Materials</td><td>ئامرازەکانی فێربوون<br>• بەکارهێنانی داتاشۆ، بۆ پەخشکردنی بابەتەکان و نمایشکردنیان<br>• بەکارهێنانی تەختە سپی و ماجیك<br>• بەشداری پێکردنی قوتابیان و گفتوگۆی زانستی لەسەر ناوەرۆکی بابەتەکانی وانەکان<br>• گێڕانەوەی نموونەی پێویست و پەیوەست بە بابەتەکە و پێدانی سەرچاوەی بەسوود.</td></tr>
<tr><td>Evaluation</td><td>
<table>
<tr><th colspan="2">Task</th><th>Weight (Marks)</th><th>Due Week</th><th>Relevant Learning Outcome</th></tr>
<tr><td colspan="2">Paper Review</td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td rowspan="6">Assignments</td><td>Homework</td><td>10</td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>Class Activity</td><td>2</td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>Report</td><td>8</td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>Seminar</td><td>8</td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>Essay</td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>Project</td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td colspan="2">Quiz</td><td>8</td><td></td><td></td></tr>
<tr><td colspan="2">Lab.</td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td colspan="2">Midterm Exam</td><td>24</td><td></td><td></td></tr>
<tr><td colspan="2">Final Exam</td><td>40</td><td></td><td></td></tr>
<tr><td colspan="2">Total</td><td>100</td><td></td><td></td></tr>
</table>
</td></tr>
<tr><td>Specific learning outcome:</td><td>دەرەنجامەکانی فێربوون<br>• شیکردنەوەی بابەتەکان بەشیوەیەك بی کە بگونجی لەگەل پرۆگرامی ئەو بەشەی کە یاسایی دادبینی دەخۆیندریت, وە هەولمداوە کورت و پوخت بیت وبشیت بۆ خۆیندن وەکو پەرتووکی مەنهەجی.<br>• دابەشکردن وباسکردنی بابەتەکان بەشیوەیەك کە بگونجیت و ببیتە سەرچاوەیەك بۆ ئەوکەسانەی لەم بوارە کارکردن لە دادوەران .<br>• دەولەمەندکردنی ئەو بابەتانەی کە لە یاسای دادبینی شارستانی هاتووە بە بڕیارەکانی دادگای پیداچونەوەی هەریمی کوردستان و دادگای</td></tr>
</table>

| | |
|---|---|
| | پیداچونەوەی عیراقی هەتاکو پردیك دروست بیت لە نیوان دەقە یاسا نووسراوە و تویرییەکان وە لایەنی پراکتیکی و کرداریيدا. |
| **Course References:** | الدكتور يوسف إلياس، الوجيز في شرح قانون العمل رقم 71 لسنة 1987<br>محمد عدنان علي، محاضرات في قانون العمل الجديد، رقم 37 لسنة 2015. |

| **Course topics (Theor** | **Week** | **Learning Outcome** |
|---|---|---|
| ناساندنی وانە (کۆرسبووك) - مەبەست لە یاسای کار – پیناسە | **یەکەم** | |
| پەرەسەندنی چەمکی یاسای کار | **دووەم** | |
| ڕێساکانی یاسای کار | **سێیەم** | |
| سەرچاوەکانی یاسای کار | **چوارەم** | |
| گرێبەستی کار( پابەندبوونی کریکار) | **پینجەم** | |
| سەرچاوەی نێودەوڵەتییەکان یاسای کار – پیناسەی گریبەستی کار | **شەشەم** | |
| ڕاژەی کریکار – کاتژمیری کریکار – کاری زیادە | **حەوتەم** | |
| حوکمی یاسای خاوەنکار بەهۆیەکی نایاسایی گرێبەستی کریکاری | **هەشتەم** | |
| مافی کریی کریکار – مۆلەتی کریکار | **نۆیەم** | |
| تەواوکەری مۆلەتی کریکار | **دەیەم** | |
| سەرپێچی ئەحکامی یاسای | **یازدە** | |
| ڕێگەکانی تانەگرتن لە بڕیاری دادگای کار – دادگای کار | **دوازدە** | |
| **Practical Topics** | **Week** | **Learning Outcome** |
| | | |

## Questions Example Design

پ1/ پیناسەی یاسای کار بکە و  یاسای کار  بەسەر دوو جۆر سەرەکی پۆلین دەکریت جین دیاریان بکە .          (30 نمرە)

وەلامی نموونەی پ1:

***پێناسەی یاسای کار:***

کۆمەڵێك ڕێسای یاساییە، پەیوەندییەکانی نێوان خاوەنکار و کرێکاران ڕێکدەخا  کە لە ژێر سەرپەرشتی و ڕێنمایی ئەودا بەرامبەر کرێ کاردەکەن.

یاسا بە شێوەیەکی گشتی بەسەر دوو جۆری سەرەکی پۆلێن دەکرێ:

یاسای گشتی: ئەو ڕێسا و یاسایانەیە کە پەیوەندی نێوان دەولەت بەو سیفەتەی کە خاوەنی سەروەرییە لەگەڵ کەسان و ڕێکخراو و دەوڵەتانی تر ڕێکدەخا.

یاسای تایبەت: ئەو ڕێسا و یاسایانەیە کە پەیوەندی نێوان تاکە کەسەکان بە یەکترەوە ڕێکدەخا یان پەیوەندی نێوان دەوڵەت وەك کەسێکی مەعنەوی ئاسایی نەك بەو سیفەتەی کە خاوەنی سەروەرییە لەگەڵ کەسان ڕێکدەخا.

لە سەرەتادا یاسای کار وەك یاسای تایبەت دەرکەوت بە تایبەت لە ژێر کاریگەری یاسای شارستانی فەرەنسی 1804 کە جەختی لە ئازادی کار و پەیوەندی کار و ئازادی ئیرادە لە گرێبەست دەکردەوە، گرێبەستی کار وەك هەر گرێبەستێکی تر پەیوەندی نێوان تاکەکەسەکان واتە کرێکار و خاوەنکار بوو. بەڵام دواتر کە دەوڵەت بە مەبەستی پاراستنی مافی کرێکاران زیاتر دەستی خستە ناو پەیوەندی نێوان کرێکار و خاونکارەوە، بۆ نمونە ڕێگەدان بە مانگرتن کە ئەمە لە یاسای تایبەتدا بە پێشێلکردنی گرێبەست دادەنرێ، یاسای کار زیاتر بەرەو ئەوە چوو کە ببێتە بەشێك لە یاسای گشتی.

---

پ2/ **یاسای کار یاسایەکی گرنگ و کاریگەرە**                    (20نمرة)

وەلامی نموونەی پ2

1. ڕێساکانی یاسای کار کاریگەرییان بەسەر کرێکاران و خیزانەکانیانەوە هەیە کە بەشێکی گەورە لە کۆمەڵگە پێکدەهێنن. بو نمونە ڕێساکانی پەیوەندیدار بە ڕۆژانی پشوو و مۆڵەتی ئاسایی و مۆڵەتی ساڵانە ڕاستەوخۆ کار لە ژیان و گوزەرانی کرێکاران و خیزانەکانیان دەکەن.
2. لەبەر ئەوەی ڕێساکانی کار کاریگەرییان بەسەر بەرژەوەندییە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی کرێکارانەوە هەیە دەشێ ببنە هۆکاری ئاشتەوایی کۆمەلایەتی و بە پێچەوانەوە  لەوانەیە ببنە هۆی دروستبوونی هەژاری و کێشە و نارەزایی.
3. لەبەر ئەوەی یاسای کار هاوسەنگی لە پەیوەندی نێوان کرێکار و خاوەنکار ڕادەگرێ وا دەکا کرێی کرێکار زیاتر لە رادەیەکی یاسایی دانەبەزێ، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا.
4. لەو وڵاتانەی یاسای کار مافەکانی کرێکاران لە ئاستێکی بەرزدا دەپارێزن هەندێ جار دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کۆمپانیایانەی ژمارەیەکی زۆر لە دەستی کار بەکار دەهێنن بزنەسەکانیان ببەنە وڵاتانی تر کە کرێی دەستی کار تێیاندا هەرزانترە.
5. کرێی بەرزی کرێکار توانای کڕینی کرێکاران و خێزانەکانیان زیاتر دەکا و ئەمە دەبێتە زیاتر خولانەوەی سامان و بزوتنەوەی بازاڕ و لە ئەنجامدا زیادبوونی داهاتی گشتی.

---

پ3/ سەرچاوەی ناوخۆیی، واتە عێراق یان کوردستانی چین بیانژمێرەوە یەکیکیان باس بکە ؟ (23 نمرە)
وةلامي نموونةي: پ3

1- دەستور
2- یاسادانان
3- ڕێنماییەکان
4- بڕیاری دادوەری
5- عورف
6- بیروڕای یاساناسان
7- ڕێنوێنییەکانی خاوەنکار
8- ڕێککەوتننامە بەکۆمەڵەکان
9- بڕیاری سەندیکا کرێکارییەکان

**یاسادانان (التشريع): )یاسادانان وەك سەرچاوەیەکی یاسای کار باس بکە(**
**ئەو ڕێسا یاساییە گشتییانەن کە پەرلەمانی وڵات دایاندەنێ و هێزی پابەندکردنیان هەیە .**
**سەرچاوەی سەرەکی یاسای کار** لە **عێراقدا یاسای کاری ژمارە (37) ی ساڵی 2015 ە کە پەیوەندییەکانی کار ڕێکدەخا**.
لە **هەرێمی کوردستان** هێشتا کار بە **یاسای ژمارە (71) ی ساڵی ( 1987)** دەکرێ.
ئەگەر دادوەر هیچ دەقێکی لە یاسای کار نەدۆزییەوە کە بەسەر هەلومەرجی ئەو کەیسی کارەی لەبەر دەمێتی جێبەجێ بێ ئەوا دەتوانێ بەپێی مادە (150) لە یاسای کار **( 1987)** دەق یاساکانی تر جێبەجێ بکا کە نزیکترین یاسا لە یاسای کار یاسای شارستانی ژمارە 40 ساڵی (1951) و یاسای بازرگانی ژمارە 30 ساڵی 1984 ە .
ئەگەر دەقێکی یاسایی پەیوەندیداری ناوخۆ نەبوو ئەوا دادوەر دەتوانێ ڕێکەوتنامەی کاری عەرەبی و نێودەوڵەتی کە عێراق پەسندیانی کردوە بەسەر کەیسەکەدا جێبەجێ بکا.

---

پ4/ ئەمانەی خوارەوە وەلام بدەرەوە: (27نمرة)

1- حوکمی یاسا چیە ئەگەر کرێکار کاری زیادەی کرد؟
2- ئایا لە کارکردندا کرێکار تا چەند مافی پشووی هەیە؟
3- ئایا دادگای کار دادگایەکی شارستانییە یان جینائی؟

وەلامی 1-
ئەگەر کرێکار کاتژمیری زیادە کاری کرد ئەوا دەبێ بەرامبەر هەر کاتژمێرێکی کاری زیادە کرێی زیادەی بدرێتێ و دەبێ کرێیەکە لانی کەم دوو بەقەدد کرێی ئاسایی بێ ئەگەر کارە زیادەکە کاری شەوانە یان سەخت یان زیانبەخش بێ .
ئەگەر کارە زیادەکە لە ڕۆژ ئەنجام درا و سەخت یان زیانبەخش نەبوو ئەوا دەبێ کرێیەکەی لانی کەم 50% لە کرێی ئاسایی زیاتر بێ، بەپێی مادە 64 یاسای 1987 .
وەلامی 2-
نابێ زیاتر لە 5 کاتژمیر کاری لەسەریەك بە کرێکار بکرێ بێ پشوو، ئەگەر کرێکارەکە شوفێر بوو ئەوا نابێ زیاتر لە 4 کاتژمیر بێ پشوو کاری پێ بکرێ. ماوەی پشوو دەبێ لە نێوان نیو کاتژمیر تا کاتژمێرێك بێ.
ماوەی پشووی نێوان دوو ڕۆژی کارکردن (واتە لە کۆتایی دەوامی ئەمڕۆ تا دەستپێکردنی دەوامی سبەی) نابێ لە 11 کاتژمێری بەردوام کەمتر بێ.
ڕۆژانی جەژن و پشووی فەرمی، کرێکار مافی پشووی هەیە بە کرێی تەواو.
وەلامی 3-
بەپێی مادە 139 دادگای کار سەیری هەموو داوا و کەیس و کێشەکانی کار دەکا جا شارستانی بێ یان جینائی. بۆ بەڕێوەبردنی دادگاییکردن لە دادگای کار ئەحکامی یاسای "المرافعات المدنية" بۆ برگە شارستانییەکان و ئەحکامی یاسای "الأصول المحاكمات الجزائية" بۆ برگە جینئییەکان بەکار دەهێنرێن، بەپێی مادە 146 لە یاسای کار 1987.

| |
|---|
| **Extra notes:** |
| **External Evaluator** |